

# سۆراننامە

Sorannama


سالنامەیەکی تایبەتە بە سالیادی شەهیدی قەلەم ( سۆران مامە حەمە ) ـ ژمارە ( سفر )ـی رۆژی پێنج شەممە ( ٢٠٢٣/٧/٢٠ ) بەرانبەر بە ٢٩ پووشپەڕی ٢٧٢٣


## مەریوان وریا قانێع :

## شەهیدبوونی سۆران مامە حەمە پێی وتین؛ ئێمە لەناو دونیایەکی تاریك و خوێناویدا ژیان بەسەر دەبەین

مەریوان وریا قانیع، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (مەرگی سۆران.. پێی وتین)، کە بۆ سالنامەی (سۆراننامە) نووسیەتی و لە لاپەڕە (٢)ـدا بلاوبۆتەوە، تێیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە:"شەهیدکردنی سۆران لە تەمەنی (٢١) سالیدا، هێما بۆ ئەو فشارە مێژووییە دەکات، کە ئەو نەوە گەنجەی دوای ڕاپەڕین لەسەر حوکمرانان، دروست و ئاراستەی دەکەن".

هاوکات نووسویەتی:"شەهیدکردنی سۆرانی مامە حەمە، هەمووومانی لە راستییەکی هێجگار تال ئاگادارکردەوە، تالیی ئەوەی ئێمە ژیانمان لەناو دونیایەکی تاریك و خوێناویدا.. بەسەردەبەین".

لە درێژەی وتارەکەیدا، نووسەر و مامۆستای زانکۆ (مەریوان وریا قانیع)، دەلێت:"ئەوەی ئێمەی لە مەترسییە ناوەکییەکانی ناو ئەزموونی حوکمرانییە کوردییەکە ئاگادارکردەوە، شەهیدکردنی کەسانی وەك سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمان و ئەوانیتر بوو".

هەروەها نووسەر، دەنووسێت:"لە دوای کوشتنی سۆرانی مامە حەمە و هاوڕێکانییەوە، کێشەیەکی هیجگار گەورە و بنەڕەتیی لە کۆمەلگای ئێمەدا دروست دەبێت، کە دەشێت بە «کێشەی مانا» ناوی بنێین. لە دوای ئەم تاوانە گەورەیەوە دەکرێت لە خۆمان بپرسین، ئایا پێکەوەبوونی کەسەکان چ مانایەکی هەیە، ئەگەر هەندێك بەبێ بەربەست بن بە جەلاد و هەندێکی دیکەش بەبێ پاراستن بن بە قوربانیی؟".

## دووەمین ئێوارە دیداری ئەدەبی و رۆژنامەوانی

## تایبەت بە بەرهەم و نووسینەکانی شەهید ( سۆران مامە حەمە ) لە کەرکوك سازدەکرێت




کاتژمێر (٥) ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە (٢٠٢٣/٧/٢٠)، دووەمین ئێوارە دیداریی ئەدەبی و روژنامەوانی، تایبەت بە (١٥)ـمین سالیادی شەهیدی قەلەم (سۆران مامە حەمە) لە شاری کەرکوك بەڕێوەدەچێت.

ئێوارە دیداری ئەدەبی و رۆژنامەوانی، کە لە هۆلی پەیمانگای عیلم لە شاری کەرکوك بەڕێوەدەچێت، بۆ سالی دووهەمە سازدەکرێت و تێیدا تیشك دەخرێتە سەر بەرهەمە شیعری و رۆژنامەوانیەکانی شەهید سۆران،

بەپێی بەرنامەی راگەیاندراو، کارەکانی دووەمین ئێوارە دیداری ئەدەبی و رۆژنامەوانی بۆ بەرهەکانی شەهیدی قەلەم سۆران مامە حەمە، بریتی دەبێت، لە پێشکەشکردنی وتەی دەستپێك لەلایەن (هێمن حەسیب) رێکخەری مەراسیمەکە و پاشان وتاری بنەمالەی شەهید سۆران، دواتر چەند قەسیدەیەکی شیعری شەهید سۆران، لەلایەن شاعیری لاو (حمەی شانۆ) دەخوێندرێتەوە.

پاشان کارەکانی ئێوارە دیدارەکە دەست پێدەکات و نووسەر و رۆژنامەنووس (لەتیف فاتیح فەرەج)، بابەتێك لەسەر بەرهەمە رۆژنامەوانیەکی شەهید سۆران بە ناونیشانی (کنە وئاکار لە کارە رۆژنامەوانیەکانی شەهید سۆران مامە حەمەدا) پێشکەش دەکات.

دواتر نووسەر و شاعیر (هەلمەت هوشیار) بابەتێك لەسەر بەرهەمە شیعرییەکانی سۆران بە ناونیشانی (نا ئومێدی لە شیعرەکانی سۆران مامە حەمەدا) پێشکەش دەکات.

## چیرۆکی وێنەی ناسنامەی ئەندامێتی شەهید ( سۆران مامە حەمە ) لە سەندیکای رۆژنامەنووسان

## لە ناو دار وبەردی تەقینەوە خوێناوییەکەی ( ٢٠٠٧/٧/١٦ ) لای قەلای کەرکوك



سۆران پێش یەك سال لە شەهیدبوونی، ناسنامەی رۆژنامەوانیەکەی لەلایەن تیروریستانەوە لە (٢٠٠٧/٧/١٦) کرایە ئامانج و لە ناو خوێناوی قوربانیەکان بە خوی (واتا سۆران) ناسنامەکەی دۆزییەوە.

چیرۆکی ئەم وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ تەقینەوە تیرۆریستیەکەی رۆژی (٢٠٠٧/٧/١٦)، کە بارەگاکانی کۆمەلەی روناکبیری وکۆمەلایەتی کەرکوك و لیژنەی ئۆلۆمپی و یانەی وەرزشی سۆلافی کردە ئامانج و تێیدا زیاتر لە (١٥٠) کەس شەهیدبوون و نزیکەی (٢٠٠) کەسیش برینداربوون.. واتا رێکەوتی وێنەکە دەگەڕێتەوە بۆ یەك سال پێش شەهیدبوونی سۆران مامە حەمە.

ناسنامەی ئەندامێتی شەهید (سۆران مامە حەمە) لای نووسەر (لەتیف فاتیح فەرەج) دەبێت، کە ئەو کات سەرنووسەری رۆژنامەی (کەرکوکی ئەمڕۆ)ـی بلاوکراوەی کۆمەلەی رووناکبیری دەبێت و لە رۆژی تەقینەوەکە یەکێك دەبێت لە بریندارەکان.

شەهید (سۆران مامە حەمە) لە پاش تەقینەوەکە، دەچێتە بینا داروخاوەکەی کۆمەلەی رووناکبیری و لە ژوورەکەی نووسەر و رۆژنامەنووس (لەتیف فاتیح فەرەج)، ناسنامەکەی لە ناو خوێن و داروبەری دارووخاو بەهۆی تەقینەوە دەبینێت و بەخۆی وێنەی دەگرێت.. ئەو دەستەشی ناسنامەکەی بە دەستەوەیە، دەستی شەهید (سۆران مامە حەمە)ـیە.

ئەم چیرۆکە پێمان دەلێت: سۆران پێش یەك سال لە شەهیدبوونی، ناسنامەی رۆژنامەوانیەکەی لەلایەن تیروریستان کرایە ئامانج.

# وتاری بنەماڵەی شەهیدی قەڵەم (سۆران مامە حەمە)

## تایبەت بە پانزەهەمین ساڵیادی شەهیدکردنی سۆراندا

**نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕۆشنبیران و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی هاوڵاتیانی شەرفمەندی کوردستان**

لە پانزەهەمین ساڵیادی بە ناهەق شەهیدکردنی ڕۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە)دا، ئێمە وەکو خانەوادەی شەهید، جارێکی دیکە و بۆ پانزەهەمین ساڵ لەسەر یەك دووپاتی دەکەینەوە، کە نە دەستبەرداری خوێنی گەشی شەهید سۆران دەبین و نە یەك قولانج پاشەکشێ دەکەین، لە هەوڵەکانمان بۆ دۆزینەوە و دادگاییکردنی بکوژان و تیرۆرستانی ئەم کەیسە.

دیارە ئێمە بە پاڵپشتی و دڵسۆزی ئێوە بەردەوامین و دەزانین، کەسانی دڵسۆز بۆ ئەم خاك و نەتەوەیە هێشتا زۆرن و هاوشانمانن، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات، وەکو ئێمە پێداگری دەکەن لەسەر ئاشکراکردنی بکوژان.

**بەڕێزان:** ئێمە بەرچاومان ڕوونە، کە ئەم کەیسە دەستی دەسەڵاتی کوردی تێیدایە و دڵنیاین، کە لایەنێکی ناو دەسەڵات، بەم کردەوە قێزەونە هەستاوە، بەڵام بە داخەوە لەناو دەسەڵاتەوە هیچ هەوڵێك نەبووە تاکو سەرداوێکمان دەست بکەوێت، کە ڕۆژانە دەبینین دەیان کەیسی زۆر ئاڵۆزتر و زۆر پەنهانتر ئاشکرا دەکرێت و بانگەشەی باڵادەستی یاسا دەکرێت، کەچی بۆ کەیسی شەهید سۆران، دوای پانزە ساڵ هێشتا هێندەی سەرەدەرزیەك بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە نەبینیوە و جگە لە کەسانی بێلایەن و چالاکوانان، کەس خۆی بە خاوەنی کەیسەکە نازانێت، لە کاتێکدا دەزگا ئەمنییەکانی شاری کەرکوك و یاسا و عەدالەتی خستۆتە ژێر پرسیار و گومانەوە.

ئێمە چەندە خەمبار و نیگەرانین بە لەدەستدانی سۆران و دیزە بەدەرخۆنەکردنی کەیسەکەی، ئەوەندەش خۆشحاڵین، کە سۆران مامە حەمە دوای خۆی، گەورەترین گۆڕانکاری لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریدا کرد و بە شەهیدبوونی چەندین دەستکەوتی مەعنەوەی بۆ ڕۆژنامەنووسان دەست خست، بە شەهیدبوونی سۆران، ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی، لە قۆناغی چەقبەستنی ترس و دڵەراوکێ و نەوتنی ڕاستی و نەبوونی بوێری دەرباز کرد، سۆران سەرمەشقی ئەو شەهیدانەیە، کە بوون بە چرا بۆ ڕووناکردنەوەی ڕێی تاریکی ڕۆژنامەنووسان.

**دڵسۆزان:** سۆران مامە حەمە، بە شەهیدبوونی، دەرگای ئومێد و گەشبینی بۆ ڕۆژنامەنووسان کردەوە، کە دوای خۆیان، چەندەها کەسی دڵسۆز هەیە، کە خەو لە چاوی دەسەڵاتداران و تیرۆرستان دەتارێنێت و ناهێڵێت خوێنی گەشییان وشك ببێتەوە، ڕاستە ئەو تیرۆرستانە سۆرانیان شەهید کرد، بەڵام سۆران بە جەستە شەهیدکرا و سەروەری مەعنەوی شەهادەتەکەی بۆ مایەوە، بە رووحیەت و بە کاریگەری هێشتا هەر زیندووە و بگرە لە زۆر مرۆڤی زیندووی بێ هەڵوێست زیاتر کاریگەری هەیە، ئەوە شانازییەکی گەورەیە دوای پانزە ساڵ هێشتا شەهید سۆران وەك ڕۆژنامەنووسێك ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی هەیە، ئەمەش بۆ ئێمە جگە لە سەبوری جێگای دڵخۆشییە، کە شەهیدەکەمان شەهیدی ڕاستەقینەیە و خوێنی گەشی بووە بە هەوێنی ڕووناکردنەوەی ڕێگایەکی سەرەکی بەرەوپێشوچنی کۆمەڵگا.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، لە دوای دۆزینەوە و دادگاییکردنی بکوژان، لە دوای سووربوونمان لەسەر ون نەبوونی کەیسی شەهید سۆران، دڵسۆزی و لە خۆبردووی ئەو هەزاران چالاکوان و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری و نووسەر و کەسایەتیانەیە، کە هێشتا وەك ئێمە خەمخۆری کەیسەکەن و لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کار دەکەن بۆ دۆزینەوەی بکوژان و ساڵانە لە چەندین وڵاتی جیاوازەوە ڕۆژی شەهیدکردنەکەی بەرز رادەگیرێت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناهێڵدرێت کەیسەکە دیزە بە دەرخۆنە بکرێت.. ئێمە هەر یەك لەو بەڕێزانە بە برا و خوشك و کەسی خۆمان دەزانین و سەبووری و ئارامین بۆ ئێمە، کە بەڵگەی ئەوەیە ئێمە تەنها نین و لەشکرێك لە دڵسۆز و خەمخۆرمان لەگەڵدایە.

لە کۆتاییدا، وێڕای سوپاس و پێزانین، درود بۆ گیانی پاکی شەهید سۆران و شەهیدانی دیکەی ڕێگای ڕۆژنامەنووسی و قەڵەم و بوێری و ئازادی و ئازایەتی.

**خانەوادەی یەکەمین شەهیدی قەڵەم**
**سۆران مامە حەمە**
**٢٠٢٣/٧/٢٠**



# سۆرانی مامە حەمە، وەك نوێنەری ئەم نەوەیە

**نووسینی: عەزیز ڕەئووف**

لە سۆران مامە حەمەوە دەستیان پێکرد، بە نیەتی بێدەنگکردن، سەرەتا لە بەردەرگەی ماڵێك لە کەرکوکەوە ویستیان نیشتیمانێك بێدەنگ بکەن، بێئاگا لەوەی دوای سۆران، ڕێگەکە فراوانتر و دەنگەمان بەرزتر و نوکی قەڵەمەکان تیژتر بوون.

مەرگی سۆران لە مەرگەکانی تر ناچێت، ئەگەر دەستی پشت تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بە ئاشکرا لە پایتەخت بەرپرسانی ئەو دەڤەرە و دەستی پشت تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی لە کەلار بەرپرسانی ئەم دەڤەرە ببینین، ئەوا دەستی پشت تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە هەردوو هێزەکە دەبینیین، یەکیان وەك بکەر و ئەوی تریان وەك دەسەڵاتداری شارەکە و بێدەنگبوون لە کەیسەکەی.

ئەم دۆخە ئاڵۆزەی تیرۆرکردنی سۆران، ڕێك دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستانمان بیردێنێتەوە، کە هەر یەك ئەویدی تاوانبار دەکات و کەس خۆی ناکات بە ساحێبی هیچ کەیسێك و سەرجەمیان خۆیان لەم کەیسانە بێبەری دەکەن، بێئاگا لەوەی هەموو دەزانین برینەکان لەکوێدان و کێن دروسکەری برین و چەقۆ لای کێیە و دادگا بەدەست کێییە، کە ڕێگە نادات دەم و چاوی ڕاستەقینەی بکەرەکان و ڕوخساری بکوژەکان ببینین.

بۆ من گرنگە چیتر ئەم کەیسە وەك قوربانی و وەك یادەوەرییەکی غەمگین نەبینین، بەڵکو بۆ من گرنگە، کە مەرگی سۆران وەك مەرگێك بۆ هەستانەوە و ڕژانی خوێنی یەکەم شەهیدی قەڵەم ببینین، کە خوێنێکی تر و وزەیەکی تر و گیانێکی تر لە هەمووماندا بچێنێت.. بۆ من گرنگە ئەم یادانە بە دووباتکردنەوەی ڕێگەی ئەم قەڵەمە جوانانە بکەینەوە، نەك خەم و فرمێسك و یادکردنەوەی تەقلیدی و بێ وزە و بێ خوێن.

چیتر ناکرێت کەرکوك و کەرکوکییەکان وەك قوربانی ببینین، بەڵکو دەبێت کۆی ئەو غەدرە گەورانەی لەو شارە دەکرێت، کە گەورەترینیان تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمەیە، دەبێت ببێتە سەرەتایەك بۆ یاخیبوونێکی ڕادیکاڵانە، کە چیتر هیچ هێز و کەس و گروپێك جورئەتی ئەوە نەکات دەست بۆ پیرۆزییەکانی مرۆڤ ببات، کە خوێن و گیان و ڕۆحی مرۆڤەکانە.

ئەوەی لای ئەم قەڵەمە ڕۆژنامەنوسەدا دەیبینم، ئەوەیە کە سۆران بە تەنها موڵکی خۆیەتی و بەس، نابێتە موڵکی هیچ هێزێکی سیاسی و نابێتە ڕێگەیەك بۆ ئاراستەی بیرکردنەوە و بە موڵکزانین و بە ساحێبکردنی هیچ گروپ و هێزێکی سیاسی.. بەڵکو سۆران وەك مەسیحێك وێنەی پڕ لە بەرائەت و بێکەسی هەتا مردن دەمێنێتەوە.

ئەوەی لەسەر ئەم مەرگە ڕامدەگرێ و لەسەری دەوەستم، وێنەی قوربانییەکی کەرکوکییە کە تا ئەبەد بە قوربانی دەمێنێتەوە و دەبێتە سیمبوڵی قوربانی ئەو نەوەیەی کە ئێستا لە دنیای ئێمەدا هیچ کەس و گروپ و لایەنێك تەعبیر لە خەون و خەیاڵ و دنیابینییەکانی ناکات.. دروست سۆران نوێنەرایەتی ئەم جۆرە لە نەوەیە دەکات، کە هەست بە بێکەسی و بێدەنگی دەکات و بێ ئومێدییەی قوڵی لە کۆی هێزەکانی کوردستانی عێراق هەیە.

ڕێك سۆران نوێنەرە، بەڵام نوێنەری هیچ هێزێکی سیاسی نا، بەڵکو نوێنەرایەتی ئەو وشیارییە دەکات، کە لە دنیای ئێمەدا ئامادەیە، وشیارییەك کە بە هیچ هێز و گروپ و حزبێك دەستەمۆ ناکرێت، بۆ من ئەوەی لەم یادەدا گرنگە ئەوەیە سۆرانی مامە حەمە بەبێدەنگی و تەنها بە وێنەکانی دەتوانێت نوێنەرایەتیمان بکات و وامان لێ بکات تا ئەبەد پشت بکەینە کۆی ئەم هێزە سیاسیە ناشرینانەی کوردستانی عێراق، کە ڕوخسار و سلوك و دیدیان لە یەك دەچێت.

لە ئێستادا سۆران دەتوانێت نوێنەرایەتیمان بکات، ئەویش وەك جوانترین نوێنەری دنیا.



# مەرگی سۆران.. پێی وتین

**مەریوان وریا قانیع**

سۆرانی مامە حەمە، یەکێك بوو لەو منداڵانەی لە دونیای دوای راپەریندا، منداڵیی و گەنجێتی خۆی ژیا، ئەو لە سپێدەی راپەرینی ساڵی (١٩٩١)دا تەنها چوار ساڵێك تەمەنی هەبوو، ساڵی (٢٠٠٨)یش کە شەهیدکرا، تەمەنی تازە (٢٠) ساڵی تێپەراندبوو.

لەو (٢١) ساڵەدا، سۆران لە ناو ڕووداوە گەورە و بچوکەکانی دوای ڕاپەڕیندا، هەم گەورە دەبێت و هەم هۆشیاریشی بەرووی جیهاندا دەکرێتەوە.. دونیایەك کە پارتە کوردییەکان و بنەماڵە سیاسییەکان و نوخبە دابەزیووەکە لە شاخەوە، دروست و حوکمڕانیی دەکەن.

سۆران لەو ساڵە کەمانەدا دەبێتە یەکێك لە چاوە ڕەخنەییەکانی ئەو کۆمەڵگایە و بە هۆشیارییەکی ڕەخنەییەوە سەیری ئەو جیهانە دەکات، کە حوکمرانانی کوردستان بەدەوریدا دروستی دەکەن. شەهیدکردنیشی لە تەمەنی (٢١) ساڵیدا، هێما بۆ ئەو فشارە مێژووییە دەکات، کە ئەو نەوە گەنجەی دوای ڕاپەڕین لەسەر حوکمرانان، دروست و ئاراستەی دەکەن.

شەهیدکردنی سۆرانی مامە حەمە، هەموومانی لە راستییەکی هێجگار تاڵ ئاگادارکردەوە، تاڵیی ئەوەی ئێمە ژیانمان لەناو دونیایەکی تاریك و خوێناویدا بەسەردەبەین.. ئاخر ئەوەی هەمووومانی لە مەترسییە ناوەکیی و توانا داپۆشراوەکانی ئەو فۆرمە لە حوکمڕانیی ناو دوانیای دوای ڕاپەرین ئاگادارکردەوە، تەنها شەری ناوخۆ و گرتن و راونان و شاربەدەرکردنی هەوادارەکانی دوو پارتە حوکمڕانەکە بۆ یەکتری نەبوو، تەنها ئەو توانا گەورەیەی تەزویر و گەندەڵکاریی و چاندنی رق لە هەموو شوێنێکدا نەبوو. تەنها ئامادەگیی ئەو عەقڵیەتە دابەش و پارچە پارچەکەرەش نەبوو، کە وڵاتی ئێمەی بە لۆژیکی دوو بنەماڵەی ناکۆك بەیەك، بە دەیان شێوە دابەشکرد.

ئەوەی ئێمەی لە مەترسییە ناوەکییەکانی ناو ئەزموونی حوکمرانییە کوردییەکە ئاگادارکردەوە، شەهیدکردنی کەسانی وەك سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمان و ئەوانیتر بوو. گەیشتن بوو بەو خاڵەی کە تیایدا لولەی چەکەکان کرانە سەر دڵ و ژیانی ئەو منداڵانەی لە دونیای دوای راپەڕیندا لە دایکبووبوون و گەورە بووبوون.

ئەوی مەرگی سۆران و هاوڕێکانی نیشانیداین، تەنها رقی سیاسیی هێزەکان لە یەکتر و لە کەسانی لەخۆیان نەچوو نەبوو، بەڵکو گۆڕانی شۆڕش و شۆڕشگێران بوو بۆ ئەو ئاژەڵە ترسناکەی کۆرپەکانی خۆیشی دەخوات.. شەهیدکردنی سۆرانی مامە حەمە ئەو داگیرسانە کوتوپرە بوو، کە نیشانیداین مرۆڤی ئێمە کەوتوینەتە ناو چ جەنگەڵ و تاریکستانێکی گەورەوە.

بەڵام ئەگەر شەهیدکردنی سۆران و هاوڕێکانی رووە هەرە تاریك و هەرە ترسناك و هەرە ناشیرینیەکەی ئەو مۆدێلە لە حوکمڕان و لە حوکمڕانیی نیشاندابین، دەریخست بێت کۆمەڵگای ئێمە رووی بە رووی چ جۆرە بەربەریەتێکدا تەقیوەتەوە، ئەوا بوونی کەسانی وەك سۆرانی مامە حەمە، لە هەمانکاتدا، نیشانیداین ئەم کۆمەڵگایە چ توانایەکی ناوەکیی و گەورەی بەرهەمهێنانی مرۆڤی راستگۆ و نەترس و بەرگریکاریی وەك سۆرانی مامە حەمە تێدایە. کەسانی وەك سۆران، مۆدێلێکیان لە مرۆڤی بەرگریکار نیشانداین، کە دەتوانن بچنە ئەودیوی تاریکییەکانی ترس و تۆقاندنەوە، بەم کارەشیان قورساییەکی ئەخلاقیی گەورەیان لەسەر شانی هەر یەکێك لە ئێمە بەجێهێشت.

لە دوای کوشتنی سۆرانی مامە حەمە و هاوڕێکانییەوە، کێشەیەکی هیجگار گەورە و بنەڕەتیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دروست دەبێت، کە دەشێت بە «کێشەی مانا» ناوی بنێین. لە دوای ئەم تاوانە گەورەیەوە دەکرێت لە خۆمان بپرسین، ئایا پێکەوەبوونی کەسەکان چ مانایەکی هەیە، ئەگەر هەندێك بەبێ بەربەست بن بە جەلاد و هەندێکی دیکەش بەبێ پاراستن بن بە قوربانیی؟ کۆمەڵگا خۆیشی چ مانایەکی دەبێت کاتێك کەسانێك بەبێ لێپرسینەوە و بەبێ ئازاری ویژدانیی، ئەوەی بە دڵیان نەبوو بگرن و شاربەدەر بکەن و بکوژن؟ ئەی چ مانایەك بۆ نووسین دەمێنێتەوە، کاتێك نووسین دەبێتە رەچەتەیەك بۆ کوشتن؟

لە دوای شەهیدکردنی سۆرانی مامە حەمەوە، هەموو ئەو پرسیارانە یەخەی هەر یەکێك لە ئێمە دەگرێت، یەخەی ئەو کەسانەی بەتەنگ ژیانی خۆیان و ژیانی نەوەکانی ئایندەی ناو ئەم کۆمەڵگایەوە دێن، ژیانێك مانادار و کەرامەت پارێزراو.

# خوێندنەوەیەک بۆ کارە فۆتۆییەکانی سۆران مامە حەمە

## فۆتۆگرافەری فەرەنسایی جیلز پێرێس دەڵێت: (متمانەم بە قسە نییە.. متمانەم بە وێنە هەیە)

**ئامادەکردنی: سۆراننامە**

"وێنەکان دەرگاکان بۆ ڕابردوو دەکەنەوە، بەڵام ڕێگە بە سەیرکردنی داهاتووش دەدەن". سالی مان فۆتۆگرافەری فەرەنسایی جیلز پێرێس دەڵێت: (متمانەم بە قسە نییە.. متمانەم بە وێنە هەیە)، ئەم فۆتۆگرافەرە، کە بۆ خۆی زمانی وێنەیی بەکاردەهێنێت لە بری قسەکردن، بەم قسەیە دەیەوێت پێمان بڵێت، ئەوە وێنەکانن دەتوانن هەقیقەتێکی ڕوون بگوێزنەوە، کاتێک بتەوێت شتێک بە نووسین بگێڕیتەوە، ئاستەمە بتوانیی هەموو کونج و کەلەبەرێکی بگوێزیتەوە، لە هەمان کاتدا دووجار چیرۆکێك وەك یەك یەك ناگێڕدرێتەوە، رێك وەك ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت دووجار لە یەك ئاوی ڕووبارێکدا مەلە بکات.

لەم ڕوانگەیەوە، سۆران مامە حەمە، بەدەر لەوەی وەك ڕۆژنامەنووسێك پیشەییانە کاری خۆی کردووە، بەهەمان نەفەسیش هەوڵیداوە، کار لەسەر روانگەی فۆتۆگرافەری بکات و ئەو ساتانەی دەیتوانی بە وشە بیگوێزێتەوە، بە فۆتۆش گواستوویەتییەوە.

شەهید سۆران، ڕاستە وەك ڕۆژنامەنووس ناوی دەرکردووە، بەڵام خولیاکانی دیکەشی پێکەوە، هەوڵێکن بۆ زیاتر ناسینی ئەم رۆژنامەنووسە، کە چەند مرۆڤانە بیری کردۆتەوە و ئامانجی چی بووە، سۆران وەك شانۆکار چەندین کاری جدی ئەنجام داوە، وەك شیعر چەندین هەوڵی زۆر ناوازەی هەیە و دیوانەکانی پاش خۆی، گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن، کە چەند مرۆڤانە لە دەقەکانیدا بیری کردۆتەوە، بەدەر لەمانە خولیاییەکی گەورەی وەرزشی هەبووە، هەر چۆن رووحیەتە وەرزشییەکەشی گیانی وەرزشی لا دروست کردووە، بەڵام ئێمە لەم کونجەوە دەمانەوێت سەرنجێکی خێرا بدەینە گۆشەنیگای فۆتۆگرافی سۆران، لە نێویدا سێ فۆتۆمان هەڵبژاردووە، کە ببێتە نمایندەی دنیابینیەکەی شەهید سۆران.



پەیامێکی تری فۆتۆکە، جگە لە لایەنە مرۆڤایەتییەکەی، ئەو گۆڕەپانە وێرانەیەیە، کە دوای جەنگ، تاڵە چیمەنێکی تێیدا نییە و لە بری سەوزایی و چیمەنی ڕازاوەی یاریگا، خۆڵێکی رووتە.. لە دیمەنی ئەم یاریگایەوە دەتوانرێت بە ڕوونی وێنەی شارێك ببینرێت، کە جەنگ و ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان چییان لێکردووە.

سۆران، بۆخۆی ئەزموونی چەندین ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری و ماڵبەکۆڵی بینیووە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) بە ئاوارەیی دێنە سلێمانی و لە سەربازگەی (حامییە) کونجی قەناعەت دەگرن و لە کۆلکە و دار و بەردی داڕووخاو چەند هۆدەیەك رێك دەخەن، ئەمەش بۆ سەردەمی منداڵی سۆران، کە ئەو کات تەمەنی لە شەش بۆ (١٠) ساڵاندا بوو، ئەم ماوەیەش بۆ مرۆڤ ماوەی جێگیربوونی یادەوەرییە، کە بۆ سۆران و منداڵە ئاوارەکانی دیکە، قۆناغێکی تاڵی کرد بە یادگاریان.

لەم روانگەیەوە سۆران، کاتێك دوای ساڵی (٢٠٠٣) و پرۆسەی رووخانی دیکتاتۆریەت لە عێراق، دەگەڕێتەوە کەرکوك و ئاوارە گەڕاوەکانی ئەو شارە لای دەبێتە بابەتی رۆژنامەوانی و چەندین کاری جیاوازیان لەسەر دەکات، بۆ ئەو کات یاریگای نێودەوڵەتی کەرکوك دەبێتە جێنیشتەی ئاوارەکان، کە ژیانێکی کولەمەرگی و نەهامەتی تێیدا بەسەر دەبەن، سۆران وێڕای کاری رۆژنامەنووسی چەندین فۆتۆ دەگرێت و دەبێتە چاوێکی کراوەی ئەو کەسانە.

لایەنی فۆتۆگرافی سۆران، زیاتر تیشك خستنە سەر نەهامەتی و ناخۆشییەکان، فۆتۆی تەقینەوەکان، فۆتۆی ماڵوێرانی، خەمی هاوڵاتیان، نەهامەتی ژیان، قورسی و بارگرانی ژیان، خوێن و داڕووخان و ماڵوێرانی... سۆران بە فۆتۆکانی دەیویست پێمان بڵێت، لەم وڵاتەدا و بە تایبەت لە شاری کەرکوك چی دەگوزەرێت، خەڵك چۆن دەژین و رۆژانە رووبەرووی چ ئالانگاری و چەرمەسەرییەك دەبنەوە، لە سەختی ژیانەوە بۆ مەترسی تەقینەوە و کردەی تیرۆرستی، تاکو ژیانی ئاسایی هاوڵاتیان، فۆتۆکانی سۆران، چاوێکی کراوەی ئەو قۆناغەبوون.

**یەکەم:**

**فۆتۆی یاریگای تۆپی پێ**

"فۆتۆگرافی پەیوەندی بە کامێراکانەوە نییە... وکاس جێنتری

لەم فۆتۆیەدا، شەهید سۆران، گۆشەی ناوەڕاستی یاریگاکە نیشان دەدات، بەجۆرێك کە لە دوورەوە ئەو نەوارانە دیارە، کە ئاوارەکانی تێیدا ساتر بوون، لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەش لەو جێگایەی، کە بڕیار چەندین یاریزانی پیشەگەری تێیدا بووەستێت، چەند منداڵێك دەردەکەون، رێك لە سەنتەری گۆڕەپانەکە، ئەو منداڵانە ئاوارەن و بەشێکن لەو کولەمەرگی و نەهامەتییەی ئەو کاتە.

پەیامێکی تری فۆتۆکە، جگە لە لایەنە مرۆڤایەتییەکەی، ئەو گۆڕەپانە وێرانەیەیە، کە دوای جەنگ، تاڵە چیمەنێکی تێیدا نییە و لە بری سەوزایی و چیمەنی ڕازاوەی یاریگا، خۆڵێکی رووتە.. لە دیمەنی ئەم یاریگایەوە دەتوانرێت بە ڕوونی وێنەی شارێك ببینرێت، کە جەنگ و ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان چییان لێکردووە.



**دووەم:**

**منداڵێك لەناو دەبەی نەوتدا**

"شتێك هەیە کە وێنەکە دەبێت لەخۆی بگرێت، ئەویش مرۆڤایەتی ئەو ساتەیە".. ڕۆبێرت فرانك

عێراق بە گشتی و کەرکوك بە تایبەتی، هەر کات لە دوورترین کونجی دونیا، باس دەکرێت، راستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە سامانی سروشتی نەوتەوە، شارێکی دەوڵەمەند بە نەوت، کە نزیکەی یەك سەدەیە، گیرۆدەی سەروەتەکەیەتی و نەیهێشتووە نە هاوڵاتیەکانی و نە شارەکە بۆ ساتێك ئارام بن، نەوت هۆکاری نەهامەتی کەرکوکە، بە دەیان شێوازی جیاواز، ئەم راستییە وتراوە، بەڵام شەهید سۆران لە رێگەی ئەم وێنەیەوە بە شێوازی خۆی دێت و باس لەو نەهامەتییە دەکات.



دەبەکان، لە بری ئەوەی نەوتیان تێیدا بێت، منداڵیان تێیدایە، سیمای منداڵەکە نیشانی دەدات، کە هاوڵاتییەکی یەکێك لە دەوڵەمەندترین شارەکانی جیهان لە چی دۆخێکدایە، لەم وێنەیەدا دەبە ڕۆڵی کاری خۆی نابینێت، بەدەر لەوەی نەوتی تێیدا نییە، کراوە بە خلیسکێنە و ئامرازی یاریکردن و دڵخۆشکردنی منداڵان، لە بری شاری یاری و جۆلانە و کیدزۆنی ڕازاوە، لە دەبەیەکی زەرهەڵگەڕاودا، منداڵێك دانیشتووە و پەتێك کە دەسکی دەبەکەی بەستووە، دەبێت منداڵێکی تر ڕایبکێشێت، تا دڵخۆشی دروست بکەن.

دڵخۆشی زۆرجار بە شتی بچوك دروست دەبێت، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەو شتە بچوکە (دەبەکە کە رەمزی نەوتە) شتی گەورەی لە شارەکە سەندۆتەوە.

**سێیەم:**

**دەلاقەیەکی تاریك**

"ئەگەر شتێك ببینیت کە بتجولێنێت، و دواتر بیگرێت، ساتێك دەهێڵیتەوە.".. لیندا مەکارتنی

پەنجەرەکان، بۆ ئەوەن ڕووناکی لێوەی بێتە ژوورەوە، تیشکی خۆر بهێننە ناو هۆدەکانەوە، کاتێك پەنجەرە تاریك بوو، واتە ئەرکی خۆی نەبینیوە، پەنجەرە پێویستی کلیل و قوفڵ نییە، پەنجەرە بۆ ئەوەیە لێوەی بڕوانیت، نەك ڕوانینت لێ بگرێت.

مرۆڤی ئاسایی زۆرجار بە لای دیمەنێکدا دەڕوات و کاریگەری لەسەر دروست دەکات، بەدیارییەوە دادەمێنێت و تێر لێی رادەمێنێت و دەڕوات، بەڵام فۆتۆگرافەرەکان، ئەو دیمەنەمان لەگەڵ بەش دەکەن و بۆمان دەهێننەوە بۆ ماڵەکانمان، بۆ بەرچاوی هەموومان، تاکو ئێمەش وەك چاوی ئەوان چێژ لەو ساتە وەربگرین.

ئەشێت سۆران بەلای ئەم پەنجەرەیەدا تێپەڕیبێت، سەدان پرسیار لە مێشکیدا هاتوچۆی کردبێت، ئێستا کە تۆ سەیری ئەو پەنجەرەیە دەکەیت، بەدڵنیاییەوە دیوی ژوورەوەی لات پرسیارە، وەك ئەو ڕێگایانەی پێچ دەکەنەوە و نازانیت پشتەوە چی لێیە، ئەشێت ئەم پەنجەرەیە هەرگیز نەکرێتەوە، یان کە کرایەوە ژنێکی عادەتی لێوەی بڕوانێتە مەڕەکان، بڕوانێتە دێراو و ریزی سەوزە.

سۆراننامە
Sorannama
سالنامەیەکی تایبەتە بە سالیادی شەهیدی قەلەم ( سۆران مامە حەمە )
ژمارە ( سفر )ـی رۆژی پێنج شەممە ( ٢٠٢٣/٧/٢٠ ) بەرانبەر بە ٢٩ پووشپەڕی ٢٧٢٣

سالنامەیەکی تایبەتە بە سالرۆژی شەهیدبوونی
رۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە)،
لە شاری کەرکوك دەردەچێت



# لێرە . . سێبەرەکانی مردنیش برسین

لەم مەزارگەي ئافاتەوە
گوڵە پەژموردەکانی ئاوابوون
پرچی ئێوارەیەکی پڕیان
دەڕنی . .
ئێوارەیەکی شکاو
عەرشێ ئاوی لێ بوو بە هەڵمی
سوور . .
ئەو هەیڤەی خودا . .
لەژێر پێی مەراقی تەنیایەوە
بەرنیسکی دەدا
هەر لەو ناوەختەدا بوو
گۆڕی شاعیرێکم لێ بوو بە کونە
شار
شاري سپی . .
هەنسکی ڕووتبوونەوەی
منداڵێکی بەجێماو لەخۆی
دەسڕی
کە دەیویست بڵێت: ئای
خودایە . . سندوقێك بۆ
سکاڵاکانمان دانێ
پاڕانەوەکانمان لەنێو
دەستەکانماندا باڵەکانیان شکاوە
و هەڵوەرین . .
ئەگەرنا بۆ هەر دۆي دادەی
ئێمە دەڕژێت . . ؟؟
بەر لە گڵۆمداني پەنجەرەکانی
دڵشکان و

دڕینی وێڵاشی برسێتی . .
ئەمەیە خوداکەم . .
پێم دەڵێت :"تۆ دەکەم بە
فەرمانڕەوای
خەیاڵە بزێوەکانی نێو دڵی
شەیتانی بەرەی ئاوابوون . .
بە نووسەری ڕەشنووسی
شانشینی تاوان . .
بە چەتری سێبەری قورسی
خوێن . .
بە تراویلکەی لێڵبووی ئاسۆی
خولیا زیزەکان . .
بە ڕەنگي سپێتیی پرچی
دیلی . .
بە هەوای زەبوونی کاهینێك
بەدەستی ژیانەوە" . .
واي ئەم ئازارانە چەند بچووك
و خرپنن!
کەچی لەسەر نەخشەی
هێلکەیەکی پیس کڕکەوتوون . .
لێرە سێبەرەکانی مردنیش
برسین . .
لەودیو تەلبەندەکانی ئەجەلەوە
هاوار دەکات :"ڕاپەڕین"
ڕاپەڕین . . نامۆیان دەکات بە
سروشت . .
بە نیشیمان . .

بە تەڕپی ڕەنگەکان لەسەر
وڵاتی فڵچە ڕیشنەکان
ڕاپەڕینێك . . وەك گەمەی
منداڵی نێویا ریگای خەفەبووی
ئارەزووە کوژراوەکانی
حەزرەتی ڕەقیب . . !
لەتێك نان بۆ پیاسەیەکی برسی
بنکی کەڵەکەکانی سوێبوونەوە
پیاسەیەك وەك سواربوونی
خۆشەویستێکی خودا
لە گالیسکە تەڕەکانی دۆزەخ و
ڕاکێشانی بەدبەختی
بە هێڵەکانی ناولەپی کاریلەیەکی
دڵپەتی . .
چاو . . ون
هەناسە . . لوول
وەك لوولی گێژنەی پێکدادانی
پێکەکان . .
ڕاپەڕینی برسێتییە . . !!!
کنا . . ئەو زارۆیە هەستێنە لە
خەو
لەناو ئەو سەلەی خۆڵەدا . .
نەبادا خەو بە هەرەسهێنانی
گومانەوە ببینێت . .
دوایی هەستێت پرسیار
دەکات . . !!
من دەزانم ئەم زارۆیە زۆڵە

تەماشا . . تەماشا
بەهەر چوارپەلییەوە داوای
هەڵفڕین دەکات
بەرەو باڵەکانی ئەزەل . .
بۆنکردنی بەرد لە جێی گوڵ و
مژینی فرمێسکەکانی سێو بێ
حیکمەتییە . .
هێندە توێکڵی چرۆکانمان ماچ
کرد
لێومان هەڵوەری . .
ئەوەتا بۆقەراغی قەرەجبوون
دەچین
تکا دەکەم جارِ فرۆشەکان . .

من نامەوێت لە پەنجەرەیەکەوە
دونیا ببینم . .
سەفەرەکانیشم بە پەنجەیەکەوە
بکەم . . !!
هێندە نانم دەنێ
ئیدي نەگریم . . بۆ ونبوونی
قاچەکانم
چەرپاو جۆلانەم ناوێ . . !!
نە باخچەی منداڵان . .
نەفەرمووده و دەستووری
کەنیسە و مزگەوتەکان
تکا دەکەم . .
گەر دەتوانن کێلەکان بە خۆڵ

بەرز بکەنەوە
چونکە زۆرمان لە برسا
مردووین . . !
هێندەمان بەرد کرد بە کێل
وا خەریکە شاخەکانیش
دەتاشین
گەر شاخ نەما . . ئێمەی برسی
هاوار بۆ کوێ بەرین . .
هاوار بۆ کوێ . .
هاوار بۆ . .
هاوار . .

**(٢٠)ی حوزەیرانی ٢٠٠٥**

**کەرکوك**